لە یادی 18 ساڵەی شەهیدبوونی مامۆستا جەمال تاهیردا

سەروەرییەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان زیاتر لەوەدا بەرجەستە دەبن, کە سەرکردەکانی هەمیشە داینەمۆی مانەوەی شۆڕش‌و بەرخۆدان بوون, شەهید جەمال تاهیری سەرکردە, نموونەی بەرچاوی ئەم جۆشدانەی خەبات بووە کە (ی.ن.ك) وەك سومبولێك شانازی پێوەدەکات.

شەهید جەمال تاهیر هەر لە سەرەتای ساڵانی شەستەوە وەك تێکۆشەرێکی بزووتنەوەی کوردایەتی, هاتۆتە مەیدان‌و بەقسەی‌خۆش‌و هێمنییەکەی جێگەی خۆی لەناو دڵی هەڤاڵانیدا کردۆتەوە, لێبڕاوانە لە رێکخستنەکانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستاندا چالاکییە پەروەردەیی‌و نیشتمانییەکەی ئەنجامداوەو کادرێکی بەوەفای کوردایەتی ناو ریزەکانی (پ.د.ك) بووە, لەهەمان کاتیشدا کادرێکی بەتوانای جوتیاران بووەو هەمیشە لەگەڵ ئازارو خەمەکانیاندا ژیاوە زۆرجار لەکاتی پشووی هاوینەدا, هەڵبژێردراوە بچێتە ناو جوتیارانی گوندەکانی دەوربەری سلێمانی‌و تێکەڵی رەنجی وەرزێران ببێ مامۆستا جەمال تاهیری مرۆڤو سەرکردە لەساڵی 1971دا دەبێتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی سلێمان (پ.د.ك)و دواتریش دەبێتە لێپرسراوی رێکخراوی دەربەندیخان. جەمال تاهیر-ی شەهید هەر لە سەرەتاوە بەبیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە گۆشکراوەو هەر لە ساڵی 1969شدا لەیەکەم ئەڵقەی مارکسی ناو بزووتنەوەی کوردیدا بەشداری کردووە, ئەمەشی لە بڕوای چینایەتی خۆیەوە سەرچاوەی گرتبوو, هەر ئەوەش بوو وایکرد ئەم شەهیدە لەیەکەم لیژنەی کۆمەڵەی مارکس لینینی لە سلێمانیدا بەشداربووە کە بریتی بوون لە شەهیدو هەڤاڵ عومەر فەتاح, محەمەد سابیرو ئەشرەف شەرەف.

مامۆستا جەمال تاهیر لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا, رۆڵی گەورەی بینیوە بەوەی پەرەی بەرێکخستنی ناوشاری سلێمانی داوە, بەعیشقەوە ئەرکەکانی رێکخستنی راپەڕاندووە, بەڕاستی دەتوانرێ لەهەموو سات‌و سەردەمەکاندا بەقارەمانی خەباتی شارو شاخ ناوزەد بکرێت, بڕوای تەواویشی بەوە هەبوو کە سەرەنجامی تێکۆشان‌و سووربوون لەسەر بەردەوامی شۆڕش ئازارو ئەشکەنجەی بەدواوەیە, هەر ئەوەش بوو وایکرد کە دوای دووجار گیران‌و ئەشکەنجەدان قارەمانانە بەرەو ڕووی جەلادەکان ببێتەوە, نهێنییەکانی رێکخستن بپارێزێ‌و شەرەفمەندانە لە زیندان بێتە دەرێ, بێ ئەوەی دوژمن تۆزقاڵێك سوودی لێببینێ, ئەوەبوو دوای ئازادکردنی دەچێتە شاخ‌و لە کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵە بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێ .

لە ژیانی پێشمەرگایەتیشیدا هەر قارەمانەکەی (ی.ن.ك) دەبێ‌و هەمیشە رووبەڕووی هەر گروپ چێتیەك دەوەستایەوە کە هەڕەشەی لە ریزەکانی شۆڕش‌و یەکگرتووی (ی.ن.ك) دەکرد, هەمیشە هەوڵی داوە, ئەوسا, یەکێتی ناو ریزەکانی (ی.ن.ك) بپارێزێت. بەڵام جێگەی داخە ئەو قارەمانەی رێکخستن‌و مرۆڤە جەربەزەیەی ناو زیندانەکان‌و ئەو تێکۆشەرەی پێشمەرگایەتی, لە رۆژی 1983/7/14 لە کارەساتێکی دڵتەزێندا گیانی پاکی دەکاتە قوربانی کوردو کوردستان , هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدی سەرکردە مامۆستا جەمال تاهیرو تێکڕای شەهیدانی بزووتنەوەی کوردایەتی .

رۆژنامەی کوردستانی نوێ

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com